# ڕێککەوتنەکەی پارتی و یەکێتی و
# خزمەت کردن بە ئیسلامییەکان

ڕێبین فەتاح

لەماوەی ڕابردوودا پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکیان لەنێوان خۆیاندا ئیمزا کرد، ئەگەرچی هێشتا نازانین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە چین، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، تەواوی ئامانجەکەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەر دوو حزبەکەیە. تا ئێرە ئاساییە کە دوو حزب لەنێوان خۆیاندا لەسەر کۆمەڵێك خاڵ ڕێککەوتنێك ئیمزا بکەن، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی و قبوڵ نەکردنە، ئەوەیە کە ڕێککەوتنەکە بە زیانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بشکێتەوە. لەکاتێکدا ئەم پرۆسەیە زیاتر لەوەی خزمەت بە پارتی و یەکێتی دەکات، بە قازانجی ئیسلامییەکاندا دەشکێتەوە. دواجار ڕێککەوتنەکە دەرفەتێك بەدەست حزبە ئیسلامییەکانەوە دەدات لە دەرفەتی دروست بوونیان گەورەتر. ئەگەرچی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان هەر لەسەرەتای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکەوە لە پارتی و یەکێتی کەوتنە تەقەو تا ئێستاش بە توندی ڕەخنەی دەکەن، لە ترسی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام نواندنی ئەو هەڵوێستە ڕێك لە ناتێگەیشتنیان و نائاگابوونیان لە بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. دیارە لەدەرەوەی پارتی و یەکێتیدا چەند ڕەوتێکی دیکەی سیاسی ئامادەییان هەیە، دیارترینیان علمانییەکان و ئیسلامییەکانن. وەك دەبینین علمانییەکان جەماوەرێکی زۆر کەمیان هەیەو پەرتەوازەییەکی تەواویان پێوە دیارە، ئەمەش بەو هۆیەوە کە بەشێك لەوان هەر بەتەواوی خولقێنراوی شەڕی ناوخۆن و پارتی و یەکێتی بۆ زیان گەیاندن بە لایەنی بەرامبەر دروستیان کردوون، ئەوانی دیکەش بە هۆی ئەوەی سەرچاوەی داراییان بەدەست هەر دوو حزبە باڵادەستەکەوەیە ناتوانن بە ئاراستەی نزیك بوونەوە لە حزبەکانی دیکەو دروست کردنی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر یەکێتی و پارتیدا هەنگاو بنێن، چونکە هەر هەڵوێست و هەنگاوێکی لەو شێوەیە پەکیان دەخات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەرچاوە داراییەکەیان کە فراوانترین بەشی ئامانجەکانیانە. ئەوەش کە پەیوەندی بە حزبە ئیسلامیەکانەوە هەبێت، بارودۆخەکە جیاوازترە، سەرچاوە داراییەکانی ئەوان لەدەرەوەی پارتی و یەکێتیدا دابین کراوە، گومانی تێدا نییە کە وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان پاڵپشتی سەرەکی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکەن و ئەمەش وادەکات لەبەرامبەر یەکێتی و پارتیدا تاڕادەیەك سەربەخۆتر بێنە بەرچاو بەبەراورد لەگەڵ حزبەکانی دیکە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی نێگەتڤی هەر دوو حزبە باڵادەستەکە بەرامبەر حزبە علمانییەکان، ترسی ئەوانە لەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو حزبانە گەورەببن و ببن بە ئاڵتەرناتیڤێکی دیکە لەبەرامبەر پارتی و یەکێتیدا، ئەمەش وای کردووە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی کپ کردنیان و بچووك کردنەوەیان بدرێت، لەکاتێکدا خودی ئەو ڕەفتارە مەترسییەکی گەورەو فراوان لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی کورد دروست دەکات، کە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکەی ئەم دواییە ئەوەندەی دیکە ئەو مەترسییەی تۆخ کردەوە. مەترسییەکە لەوەدایە کە ئیتر حزبە ئیسلامییەکان دەبن بە ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر پارتی و یەکێتیداو ئەوەندەی دیکە بەهێز دەبن و لەبەرامبەریشدا باڵە علمانییەکان پاشەکشە دەکەن. هەر کاتێکیش ئەو حزبە ئیسلامییانە سەربکەون کورد هەرچی پشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە دەیدۆڕێنێت. کەواتە ئەو ڕێککەوتنە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە کە پارتی و یەکێتی بۆی دەکەن، ڕاستی نەك هەر لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا نییە بەڵکو زیانی گەورەش بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەگەیەنێت. لەکاتێکدا کە سەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان بە زیانی پرسە نەتەوەییەکانی کورددا دەشکێتەوە.